دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

# شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا

هۆی - بایەخی سوپایی - چۆنێتی لەشکرکێشی و بەڕێوەبردن

نووسینی:
ئیحسان نوری بیتلیسی
١٩٢٥-١٣٤١ رومی

وەرگێرانی:
م. جەمیل رۆژبەیانی
لەتورکی عوثمانییەوە

كۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢٩٢)

# شۆرشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا

## هۆی - بایەخی سوپایی چۆنێتی لەشکرکێشی بەرێوەبردن

نووسینی:
ئیحسان نوری بیتلیسی
١٩٢٥ - ١٣٤١ رومی

وەرگێرانی:
م. جەمیل رۆژبەیانی
لە تورکی عوسمانییەوە

# ( پێشەکی یەکی کورت ) :

خوێندەوارانی هێژا ! خوێنەرانی بەڕێز !

ئــەم سیپارەیــە ( شوڕشی نەتەوەیی کورد ) نووســینی خوالێخۆشبو ئیحسان نوری پاشایە ،ساڵی ۱۹۲٤ هاء دء مء (۱۳٤۱ ڕومی) لە بەغدا لە چاپخانەی «استقلال» بەزمانی تورکیی عوثمانی چاپ کراوە ،باسی ئەو شورشە سەرەتاییە دەکا ؛ کــە خۆیو چەند ئەفسەرێکی کورد بناغەیان ناوەو، پێیی هەڵساونو، تیا سەرنەکەوتوونو ،پەنایان هێناوەتە عیراقو حکومەتی عیراقی سەر بە ئینگلیزی ئــەوسا داوای لێکردوون : لــەسپا چــوار بەتالیونی‌یە تازە دامەزراوەکەیا ببن بە ئەفسەرو فەرماندە ، بەڵام قایل نەبوونو ( وادیارە لەبەر ئەوە بووبێ کە سپاکە لەگەڵ هێزی ئینگلیزدا دژی کورد لەشەڕا بوون )چوون بەرەو ئێرانو نازانرێ بـۆچ خۆیان نەداوەتــە پــاڵ حكومــەتی کوردستانی سەردەمی پادشایێتیی شێخ مەحمودــی حەفیدزادە ؟! لەکاتێکا کە ئیسماعیل خانی شکاك (سمکۆ)یش لە شۆرشەکەیا سەرنەکەوتبوو هاتبووە پاڵ حکومەتی کوردستانی عیراق !

من ئەم سیپارەیە کە لاپەڕەیێکی مێژووی خەباتو نەبەردی کوردمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە وەرئەگێرم بەکــــوردیو ئــەیخەمە بەرچاوی خوێندەوارانی کورد کە لە یادی مێژویی ئەو سەردەمەدا

سوودی لێوەربگرن ، بالەسەرەتادا سەرگوزە شتێکی کورتی قارەمانی ئاگری داغ «ئیحسان نوری پاشا» بخەمە بەرچاو کە بەر لە کۆچی دوایی خۆی بە چەند ساڵێ بۆ یادگاریی بەدەس خەتی خۆی نووسیویەو توانیومە بیپارێزم :

ئیحسان نوری کوڕی عەلی قولی ساڵی ١٨٩٣ هاەدەم لەگەڕەکی عەلی قولی شاری بتلیس ( مەڵبەندی شێرە پیاوانی کورد ) هاتۆتە دنیاوەو ، هەر لەو شارەدا هەڵچووەو چوتە قوتابخانەو فێری خوێندن بووە • پاش تەواوکردنی خوێندن ؛ بۆ بوونە ئەفسەر چۆتە ئەرزەنجانو ئەستەمبوڵو لە کالیجی سپاییدا بە خوێندنی دەرزو مەشق خەریک بووە •• ساڵی ١٩١٠ بە پایەی ئەفسەریی یەک ئەستێرە (ملازم‌دووەم)لە کالیجی سپایی دەرچووەو، لە دامرکاندنی شەڕو هەراکانی «ئالبانیا»و هەندێ وڵاتی «عەرەب»دا هاوبەشی کردووەو ٣٣ مانگی ڕەبەق لە «یەمەن» ماوەتەوەو پاشان کراوە بە یاوەری فەرماندەی بەتالیۆنی ٩٣و نێرراوە بۆ «بەیضون»و ، پاشای نێرراوە بۆ ڕووکاری ڕوسو شەڕی گورجستانو ئەرمەن • لەم سەردەمەدا خۆی خستۆتە «کۆمەڵەی سەرکەوتنی کوردستان» ( کوردستان تعالی جمعیتی ) ساڵی ١٩١٩ تێکەڵی هێزەکانی عوثمانی بووە لە شەڕا دژی یونان• ساڵی ١٩٢٠ کە بڕیار وا ئەبێ هێزی ئینگلیسو هاو سوێنەکانی بێنە ناو ئەستەمبولو ترسی ئەوە دەبێ کە هەندێ لە ئەفسەرەکان بگرنو ڕەهەنەیان بکەن، «سەرۆکی ستونی سپا» (رئیس ارکان

جیش ) به ئیحسان نوری دەڵێ : «باش وایە ئەستەمبوڵ بەجێ بهێڵی » .. لەم هەڵەدا ئیحسان داوا ئەکا ماوەی بدەن بچێت بەرەو «بتلیس»، بەڵام دووزمانان لەبنەوە ئەنووسن : کە «ئیحسان» ئەیەوێ بچێت بۆ کوردستان لەوێ شۆرش هەڵایسێنێ‌و هەوڵی دانانی دەوڵەتێ بدات . پاش ئەوە ئنجا «ئیحسان» ئەنێرێ بۆ سەرسنوری گورجستان ، لەوێوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناو هێزەکانی « دیاربەکر » و لە هەرێمی «سعرت» لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی کوردا بیر لە بنەڕەت نانی شوڕشی کورد دەکەنەوە و لە «بیت الشباب» جاری شۆرش ئەدەن، بەڵام لە ئامانجەکەیانا سەرناکەون ، «عەلی ڕضا بەگی بتلیسی» دەسگیر ئەکرێ‌و «خورشید بەگی هەرتووشی» ڕائەکاتە سنوری عیراق‌و لە «زاخو» جێ‌گیر ئەبێ‌و «ئیحسان نوری»و « تەوفیق جەمیل ماردینی »و «راسیم بەگ وانی» بە خۆیان‌و سەربازەکانیانەوە ڕوو ئەکەنە «شرناخ»و لەو ناوە سەربازەکانیان لەبەر ماندویی‌و نائومێدی قەڵفڕ ئەکەن، ئنجا ئیحسان‌و هەردوو هەڤاڵەکەی (تەوفیق‌و ڕاسم) بەسەر «سعرت - دیاربەکر - ماردین »دا ڕوو ئەکەنە سوریاو لەوێوە ئەچنە «سنجار»و پەنا ئەبەنە بەر عیراق ، کە لە ژێر دەستبی ئینگلیزدابوو ، حکومەتی نەقیب سپایێکی چوار بەتالیونی بۆ دوروست کردبو ، ئینگلیزەکان بە هۆی « صدیق قادری »یەوە ، داوا لە ئیحسان نوری‌و هەڤاڵەکانی دەکەن بینە ئەفسەرو فەرماندە لە بەتالیونەکانا ،بەڵام ئیحسان ڕوو نیشان ناداو لەگەڵ هاوڕێکانی ڕوو ئەکەنە ئێران ،

لەوێ هەواڵی شۆرشەکەی شیخ سەعید ی گەورەی شەهید ( پیران ) ئەبیستن و خۆیان ئەکەن بە کوردستانی تورکیادا ، و ئەگەنە ماڵی عوثمان بەگی سەرۆکی عێلی میللی ، لەوێ هەواڵ ئەزانن کە شۆرشەکەی شێخ سەعید دامر کێنراوەو شێخ و سەرانی شۆرشەکە گیراون و کوژراون ، ئنجا خاکی کوردستانی تورکیە بەجێ ئەهێڵن و ڕوو ئەکەنەوە عیراق ، «ئیحسان نوری» لەگەڵ سەید موصلیح کوڕی سەید محمد صدیق کوڕی شێخ عبدالقادری شەهید ، هێزێك ڕێك ئەخەن و شالاو ئەبەنە سەر هەرێمی ماردینی» ڕوو ئەکاتە سوریا.لەشکری تورك شالاو ئەکاتە «ئیحسان نوری»و لە هەرێمی «نەهری» دەری ئەپەڕێنێ ئنجا « ئیحسان » و « راسم بەگ » ڕوو ئەکەنە ئێران بۆ لای ئیسماعیل خان (سمکۆ)لەوێ «راسم بەگ» بەدەستی شکاکەکان ئەکوژرێ و «خورشیدبەگ» ئەگەڕێتەوە بۆ عیراق و ئیحسان نوری خۆی ئەداتە دەست سەربازەکانی ئێرانەوەو زەنجان کە لەوێ دەس بەسەر بێ ئیحسان بەدزیەوە ڕوو ئەکاتە شاری خوێ بۆ ماڵی حەسەن صدیقی حەیدەری و لەوێ ئەمێنێتەوە . ساڵی ١٩٢٧ ئیحسان بیست سوارێ ڕێك ئەخات و بە دزیەوە خۆی دەکاتەوە بە کوردستانی تورکیاداو ئەگاتە دەوروبەری «ئەرضروم»، مەفرەزەکانی تورك پێی دەزانن و ئەکەونە پەیدۆزی و لە چەند جێیێ تووشی شەڕ ئەبێ ، هەر لەوناوەدا ئەزانێ کە حکومەتی تورك خەریکی لەشکر کێشیە بۆ «ئاگری‌داغ»، جا ئیحسان خۆی دەگەیێنێتە ئاگری‌داغ وڕابەریی ڕاپەڕینەکە ئەگرێتە چنك خۆی و

بـــەیداخی ئازادیی کوردســـتان هـەڵدەکاو ، لـە ماوای سێ
ساڵدا شـــۆرشـــەکـە زۆر پـەرە ئـەسێنێو گـەلێ جێ
ئازادئـەکرێ • بـــەڵام ســـالی ١٩٣٠ تورک هـەمو هێزی
خـۆی ئەخـاتـە کاروسپایێکی ٨٠ - ١٠٠ کـەسیی پرچـەک
بەتۆپو تانكو فڕوکەوە ئەنێرێتە ئاگریداغو بەپشتیوانی ڕووس
شۆرشەکە تەفروتوونا ئەکاتو لەسەر چیای ئاگریداغ گـۆرێ
دوروستئەکا و لەسەری ئەنووسی : «ئەو کوردستانەی بەخیاڵ
دوروست ئەکرا لێرە گۆڕکرا » ، ئیحسان نوری لەســەرەتـادا
ئەیەوێ خۆی بداتە پاڵ ڕووس (سوڤیت) ، بەڵام لەڕقی یاریدەدانی
تورك یان، خۆی ئەکا بە خاکی ئێراناو لەوێ ئەبێ بە پەناهەندەو ٤٦
سالی تەواو بە پە ناهەندەیی بەسەر ئەبا ، بەڵام چەرمە سەرێیەکی
زۆر ئەبینێو چەندین جار ئەخرێتە بەندیخانەو ڕەهەنەی گوندانی
بێنانو ئاو دەکرێو هەولی لەگەڵ ئەدرێ کە خۆی بفرۆشـێو
نۆکەریی قەبوڵ بکاتو زۆر نامیلـــکەو ســیپارەی چاوەڕاوی
بەناوەوە بڵاو دەکرێتەوە • لە سالانی ٩٦٥ - ٧٩دا من کە لـە
تاران بوومو ئەو زۆر پییر بوو ، بو هەمو هەفتەیێ ئەچوومە لای و
توانیم کورتەی سەرگوزەشتی ژیانی بخەمە سەر شریتو هەروا
بە تورکیو فارسی نامیلکەی ژیانی خۆی نووسی ، بەڵامچونکە
زۆر پیرو ماندووبو «ذیهن وحافظەی» کۆڵ بوو بوو ڕۆژو سالی
جولانەوەکانی باش نەدەهاتەوە بییر •ئێواران لە ئاپارتمانە چوار
نهوم بەرزەکەوە دەهاتە خوارەوەو پیاسەی ئەکرد ڕۆژی٨ی/مارت
١٩٧٦ موتورێ لێیدا ، بردمانە خەستەخانە بەڵام سوودی نەبوو

ساتی شەشی ئێوارەی پێنج شەممەی ٢٥ مارت ( ٢٤ ڕەبیع الاول ١٣٩٧ ك = ٥ نەوروز (فەروەردین) ٢٨٦٤کوردی ) کۆچی دوایی‌کرد و بەشکۆوە برایە بەهەشتی زەهــراء لەوێ نێژرا • (گۆڕەکەی ژمارە ١٢ لە پارچە زەویی ٥٨/٩) دایە • من ساڵی ١٩٨٩ لە بەرگی ژمارە ١٢١ گۆڤاری ڕۆشــنبیری نــوێدا سەر گوزشتەکەیم بڵاوکردەوە (تەماشای لاپەڕەکانی ١٩٣-١٦١ بکەن ) بەڵام شتێکی سەیر ڕوویدابو خێرەومەندێ بـەناوی ڕۆشنبیری‌یەوە پێشەکی‌یەکی بۆی نووســیبو ( کە دەبوایە لە دواوە پەراوێز بوایە ) شۆرشەکەی «ئاگری داغی» ساڵی ١٩٣٠ پاڵ دابووە ئیبراهیم پاشای جەلالی و دیاردی بۆ چەند سەرچاوەیێ کردبو، یەکێ لەو سەرچاوانە ژمارە (١٢) بەرگی (٥) گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٤ بو • لێرەدا دەبێ دیاردی بۆ ئەوە بکەم گەرچی من ئەو سەرچاوانەم لەبەردەسا نی‌یە ، بەڵام لە گەلاوێژا ئەو باسەم نەبینی‌یەوە، ئەمە سەرناوی وتارەکانی گەلاوێژی ژمارە(١٢)یە :

« مێژوی خوڵمار ـ پەنسلین ـ چەقاوەسو ـ تەفسیری قورئان ـ شایەد ـ دیوانی گەلاوێژ ـ گەلاڕێزان ـ ئەدەبیاتی زیندوو ـ خوسرەو خانی والی ـ بەزەیی هــەژار ـ چیرۆکی ژمارە »• جا لەم ژمارەیەدا و لە زۆر ژمارەی تریشــا نــاوی «ئیحسان نوری پاشا» و ناوی «ئیبراهیم پاشا جلالی»م بەرچاو نەکەوت • بە هیوام خوێنەرانو خوێندەواران ســـود لــە سەرگوزەشتەکە وەرگرن لە گەڵ ڕێزما ••

١٩٩٣/٤/٢٢

**م٠ جەمیل ڕۆژبیانی**

## پێشەکیی نووسەر :

ڕزگاریی لەزۆرو ستەمو دیلی-کە لە جیهانی مرۆڤایەتیدا بە پیرۆزترین ماف دائەنرێو لە سنووری نەتەوەییشدا بە پڕتەو بەخشترین دیاردەی سەربەستی ئەناسرێ - یەگانە ئامانجی کـــوردە •

دلێرانی نەتەوەی کورد کـــە لـــە ڕێی مەبەستی بـالآی نەتەوەییدا دەسیان داوەتە چەکو لە کەمەرەوە تا ددان خۆیان پڕچەک کردووەو بوون بە پێناوو قوربانی ؛ بەداخو ئەفسوسەوە بە جۆرێکی ئەنقەستو ناپاکانە ویســـــتراوە ئامانجە پـاکو پیرۆزەکەیان بەدناو بکرێو بە نیازێکی خراپ بدرێتە قەڵـەمو لە قاڵبی یاخیگەریو ئاژاوە نانەوەییێکی ناشرینو نالەبارا بخرێتە بـەرچـاو •

بەرامبەر بـــەم تـاوانــە گەورەیەی ئەو تاخمە بـێئابڕوو بێهەناوانە کە هەموو مەبـەستیان تـەنیا لـەککـەدار کردنی ناوی کوردو ڕەش کردنێتی لە بەرچاوی گەلانی جیهان ؛ بـە پێویستی نەتەوەییو ئەرکی مرۆڤانەی سەرشانی خۆمم زانی کە بیروڕای گشتیی گەلانی جیهان بخەمە بەر پـڕتەوو شـەوقی ئامانجو مەبەستی ڕاستەقینەی کوردو کێشەکەیان ، کە ڕاستییەکە بزانن‌و بەهەڵە باسەکە وەرنەگرنو لەو تاوانانە ئاگادار بنـــەوە

که دەربارەی گەلی کورد لەکارایە •جا هەر وەکو وتم : ئـــەم ئەرکە پێویستیێکی هەناوی‌و نەتەوەیی مەزن‌و بە شکۆی ئەستۆمە بۆ خزمەتی گەلەکەم •

**ئیحســـان نـــوری**

**لە خێزانی عەلی قولی لە عێلی جەبری**

## هۆی ڕاپەرینو شۆرش :

کورمانج(کورد) کە لە لاپەڕەکانی مێژووی ڕۆژگاری ئازادان وژیانی سەربەرزانا جیێخۆی کردۆتەوە ، لەناو ڕووداوە کۆمەلایێتیو قەوماوە ڕامیاری‌یەکانی صەدەی بیستەمیشدا شۆرشێکی نەتەوەیی یەگجار بە بایەخو پڕ شکۆی خوێناوی خستۆتە سەر لاپەڕەکانی مێژوو •

ئەم خێزانە خانەدانە هەرەکۆنەی مێژوو کە لە کۆنترین سەردەمو ڕۆژگارەوە هاوبەشی هەمو تەنگو چەڵەمەو گیرو گرفتێکی نەتەوەکانی هاوسێی بووەو هەموو دەمێ خۆ بەکەم دانەرانە لە گەڵیان ژیاوەو هەرگیز لەسەر ئەو دەسەلاتو فەرمانڕەواییانەی ـ کە بە ناوی ئەوانەوە ، هاتۆتە بەرهەم ـ مل‌ملانێو ڕقەبەرێی لەگەڵ نەکردوون،و جگە لەوەش کە لە ڕووی دەسەلاتی ڕامیاری‌یەوە سەری بۆ دانەچەماندوون ، هەرگیز هەناوی سەربەستو ئازادی کۆمەلایێتی‌ی خۆیشی نەخستۆتە ژێر دەسەلاتو هێزی زۆردارانەی نەتەوە بێگانەکانەوە •

ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یانەی کە مرۆڤی ئەگەیاندە پۆپنەی ڕزگاری‌و بەرزێتی‌و زۆریش لە برەودابوونی لەم سالانەتی پڕ لە دەردی‌سەری‌و گیرو گرفتانەدا کۆمەڵەیی مرۆڤی کلۆڵو

بەدبەخت کـــــە ژمارەیان دەگەیشتە ملیونـەها ئـادەمـیزادی بێبەش لەمافی ژیانو لە ئازادیو سەربەستی ؛ نەدەبوو لەژێـر چنگی ستەمو زۆرەملیدا بمێنێتەوە ٠

دەردەسەرێی کورد زۆرە ، لەوانە :ـ

## ١ ـ دادگاو زبان :

لەو شارانەشا کە بەکوردی قسەیان تیا ئەکرا و لە گوندەکانی دەورو بەریاندا یە دەگمەنو ڕێکەوت یەکێکی ئاشنای زبـانـی تـورکی پەیـــدا ئەبوو ٠ مەبەستم ئەو هەمو شارانـەیـە کـە دەکەوتنە ناوەندی ئەم سـنوورەوە : لای باکورو خـۆرئاواوە «سیواس» تا دەروازەکانی «ئەنقەرە»و لەوێوە تـــا ئەگـاتــە پەنگاوی ئەســـکەندەروونە ؛ ئـەو کـۆمەڵە ئـادەمیزادانـەی دانیشتووی ئەم هەرێمە پانو پۆڕو بەرینە بوون ، ئەوەی کـە مافی ژیانو تێرو تەسەلیانی دابین بکردایە گۆیا تەنیـا ئــەو دادگایانە بوون کە هەمو کاروباریان بە زبانی تورکی بوو ٠٠بێ گوناحێکی بێتاوانی گومانلێکراو ، کە لـــە بەردەم دادگـادا دەوەستا ، بێگوناهیو گوناهکاریی ئەو بەسترابو بە مروەتو هەناوی ئەو کابرایەوە کە پرسو جوێ نێوانی دادگاو گومان لێکراوی وەرئەگێڕا لە تورکییەوە بۆ کوردیو لە کوردییەوە بۆ تورکی ،کە ئەم قسانە ئەکرا بە جزوەیێو ئەخرایـە بەردەمو بەردەستی دەستەی دادیاران ،جا ئەگەر وەرگێڕ قســـەکانـی هەردوولای ڕاستالآنە وەر گێڕا یا چەوتو چێلی کردەوە ئەوا ئەنجامی هەردوو بار ڕۆشنە، ئەگەر وەهاش نـەبـوو کـابراش

پارەیێ پوولێکی نەبوو بەرتیلی بداتێو خۆی ڕزگار بکات ئەوا ئەو کوردە ئازاو بەجەرگە بەفیڕۆ ئەکەوێتە زیندانو سالەهای سال تیا ئەنوێ ، هەربەم جۆرە زبان نەزانی ئەبووە هۆی ئەوەی هەزارەها خێزان لە ناوچەکەی خۆی دوور بخرێتەوەو هەزارەها ماڵو خانومان بسووتێنرێ • بۆ نمونە ئەم کارەساتە دڵتەزێنە ئەخەمە بەرچاوی خاوەن هەناوان ( کە نەك جارێ صەدەها جار لە دادگای تورکەکانا دەربارەی کوردەکان ڕوویداوە ) بەهێوای پەند وەرگرتن :

« کوردێ کە ناوی «تەمموی کوڕی بۆزۆ» بوو لەشاری ئەستەمبولەوە دەگەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی «مەلازگورد» کە دەگاتە هەرێمی «خنس» لە سەر هەرایێ کەڕوو ئەدات لە نێوانی هاوڕێکانیدا دەسگیر ئەکرێو ئەنێررێ بۆ بەندیخانەی «خنس»و بێپرسینیەوە سیی سالی ڕەبەق (!؟) لەو بەندیخانەیەدا ئەمێنێتەوە ، پاش ماوەی سیی سال ئنجا جزوەی پرسوجوێ قسەکانی بە ڕێك‌کەوت ئەکەوێتە بەردەستی دەستەی دادوەرانو بڕیاریی بێ‌گوناحی ئەدرێ ،کە بڕیاری بێ‌تاوانی‌یەکەی پێ ئەگەیێنرێ لەباتی ئەوەی کەیف خۆش بێو بگەشێتەوە ،ئەداتە پڵمەی گریانو خوڕخوڕ فرمێسك بەچاویا دێتەخوارەوە ، کە پرسیاری لێ ئەکرێ: هۆی گریانی چی‌یە ؟ لە وەراما دەڵێت: بەر لە سیی سال بۆ ئەوەی چاوم بەمندالو خێزانەکەم بکەوێو خەرجی‌یەکیان بدەمێ لە ئەستەمبووڵەوە بەڕێ کەوتم بەرەو شارەکەی خۆم ( شاری مەلازگورد ) ، بەلام بێ ئەوەی گوناحێ

تاوانێکم کردبێ دەس گیر کرام‌و خرامە بەندیخانەوە ، ئەوەتا ئەمڕۆ پاش سیی ساڵ ئەنجامی بڕیاری بێ‌تاوانیم پێ ڕائەگەیینرێ‌و لە دەرگای بەندیخانەکەوە فڕێ ئەدرێمە دەرەوە ، ئێستە بێ گومان خێزان‌و منداڵەکانم مردوون‌و خۆیشم ئەوەندە پییربووم کە توانای کارم نەماوە ، کە لەم بەندیخانەیە وەدەرکەوم دەبێ بەخشەخش‌و گامۆلکێ بە کۆڵانەکانا بڕۆم بەرەو مردن .»

ئەوەبو هۆی ئەوەی کابرا بەم جۆرە کەوتبووە گریان‌و فرمێسك ڕژاندن. بەهێوام ئەم نمونەیە پەندو ئەندەرزی لێ‌وەربگیرێ.

## زانیاری :

کورد بەرلەوەی تەوقی دیلێتیی تورك بکەوێتە گەردنی لەڕووی خوێندەواری‌و ئاوەدان‌کاری‌یەوە زۆر لە ئێستە پێشکەوتوتر بوو لە شارەکانی کوردستانا صەدەها مرۆڤی خوێندەوار هەبوون کە لە قو تابخانە تایبەتی‌یەکانا زانستی باڵایان وەدەس‌هێنابوو ، ( بۆ گەواهی‌و بەڵگە سەرنجی باسی عەودالخان بدەن لە کتێبی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی‌دا کە نووسراوی خود تورکەکانە ) !

بەڵێ! تورکەکان خۆیان بوونە هۆی ئەوەی کە کوردستان بکەنە چاڵەڕەشی نەزانی‌و نەخوێندەواریی ، جا هەر ئەوەیە نەزانین برەوی‌دا بەجۆرجۆر جم‌وجوڵ‌و ڕاپەڕین‌و ڕوودانی کارەسات . خۆ ئەمە هەرگیز جێگەی وت‌و وێژ نی‌یە کە لە کوردستانا نەوەك هەر لەگوندو ئاواییەکانا بەڵکو لە ناوەندی

ناوچەکانو هەندێ لە دەڤەرە کانیشا ( قضا ) تەنها یەك قوتابخانەی سەرەتاییشی ( بەرایی )تێدا نەبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەچنگ زێڕو پارەی باجو پیتاکی گەلی کورد بۆ زانیاریی ئەخرایە صەندوقی وەزارەتی زانستو زانیاریی تورك لە ئەنقەرە • نەوەك هەر ئەوە ، بەڵکو خوێندن بە زمانی ناومالی(مادەرزادی)ش کە مافی سوروشتیی هەموو نەتەوەکانەو تاقە هۆیە بۆ بڵاوکردنەوەی پرتەوی ڕۆشنبیریی ئەوەش قەدەغەو بەزمانی تورکی خوێندن یەگانە مەرجبوو ••• • مرۆڤی کورد لەخۆیا هەستی بەپێویستیی فێربوونی زمانی بێگانەی تورکی نەدەکرد ! چونکە نەگوێی بەدەنگی تورکی ئاشنابو نە بەتەمای ئەوەبوو کە منالەکەی ڕۆژێ لەڕۆژان ببێ بە فەرمانبەری تورك ! هەر لەبەر ئەوە هەستی حەز نەکردن لە خوێندەواری لە ناو کوردەکانا پەیدا بوو بوو •

جا حکومەتی تورك ـ کە یەکێ لەمەبەستە هەرە گرنگەکانی ئەم بیرو باوەڕەبوو کە کورد بە نەخوێندەوارو نەزان بهێڵێتەوە ـ ئەم بیرو باوەڕەی زۆر بەخۆشییەوە ئەقۆزتەوە ••• ئا بەم جۆرە نەتەوەی کورد لەمافی سوروشتیی بێبەش ئەکراو هەرگیز خۆیشی کە لەم مافە سوروشتییە بێبەشە لەحەژمەتا سکاڵاشی نەدەکرد •

## بەدکاریو بەدکرداری :

بەدکاریو خراپ جولانەوەی فەرمانبەرانی تورك لە کوردستانا لە ڕادده بەدەر بوو ، فەرمانبەران بەختیاریو تەندوروستیو لە ئاسایشا ژیانی خەلکیان لەلا گرنگ نەبوو ، ئەوان تەنیا پڕکردنی گیرفانو کیسەی خۆیانیان لا مەبەست بوو ، بۆ ئەوە صەدەها فڕوفێلو تەلەکەیان هەبوو ، کە خەلکی بێ گوناحیان تووشی دەردەسەرێ ئەکرد ... پارەوپوول تەنیا داروی ڕزگاریی لە شەڕی فەرمانبەران بوو ، نەبوونی پارەوپوول ـ بۆ بەرتیل ـ هۆیەکی گرنگ بوو بۆ دووچار بوونی بەلا ، پارێزرانی مافی ژیان بەپارە سەودا ئەکراو هەمیشە لەکڕینو فرۆشتنابو .

## زۆرەملێتی سپایی :

سپا بەلایێ بوو بەسەر کورددا باریی بوو ، بۆ دەسگیر کردنی مرۆڤی کورد صەدەها هۆیان بەدەسەوە بوو ، سەریان بەهەر گوندو ئاواییەکا بکردایە تووشی زیانو وێرانییان ئەکرد . کابرای دێهاتی ئەو دەسکەوتەو دانەوێلەیەی کە لە ماوەی سالێکا بەڕەنجی شانو عەرەقی ناوچەوان ئەیهێنایە بارهەم دەبوو بەشانی خۆی بەرێێ هەلەتو سەختا سەری بخات بۆ بنکەی «پەلی سپا» و لەوێ پسوولەو رەسیدی چەند بوونی دانەوێلەکەو نرخەکەی وەربگرێ، کە ئەمیش بەند بوو بە مروەتی

دەستەی بەرپرسیاری سپایی بنکەکەوە ،زۆرجار ئەوانەی پەنجا هوقەیان بیر دایە تەنیا ڕەسیدی بیست هوقەیان ئەدرایێ • ا ئەم کوردە بێبەشی کراوە لە دانەوێڵەو دەسکەوتی ساڵێك تەقەلا، رەبوایە زستان خۆیو منداڵەکانی لەباتی نان «بەڕو» بخۆن ، واش ئەبوو ئەو گوێدرێژە یا ئەو گاجووتەی ـکە تەنیا بارەبەری ماڵبوو ـلێی داگیر ئەکراو لەباتی ئەوە رەسیدێکی ئەدرایێ ، بەم پێیە چرای ئومێدی ژیانی ئەکوژێنرایەوە •هەروا ئــــەو کوردانەی ئەبران بۆ سەربازیی سەختترینو پیسترین کاریـان پێئەسپێررا ، کە ئەنجامیان ئەدا لەباتی ئەمەی پاداشیان بـدەنێ ئافەرینیان بکەن جنێوێکی ســــووكو ناشــرینیان ( هـەی گوێدرێژ ) پێ ڕەوا دەدین •

## دووبەرەکیو ناکۆکیی :

لە ناو عێلو خێلە کوردەکانا تۆوی دووبەرەکییو دوژمنایەتی ئەچێنرا بۆ ئەوەی یەکتر تێبشکێنن داوەکو خۆیان درێژە بــە دەسەڵاتو زاڵیی خۆیان بدەن • بەڵێ! بەڕێوە بەرانی کاروباری دەوڵەتیی تورك لە کوردستانا بەدکردارییان بەم جۆرەبوو ، تەنانەت ئەو مووچەخۆرانەی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن فـەرماندە مەزنەکانی خودانی (ملکی)و سپایی (عســــکری)یەوە کاریان پێدەسپێـررا ، ئەوانیش بە پێـی سـەرمـەشـقی تـورکـەکان ئەکۆشان ـ کەئەو ڕێکیو دوستییە ـ کەکۆمیتە نهێنییەکانـی نێو کوردستان لەنێوانی عێلو خێلو تیرەکانـــی «شرناخ»و «باطوان»و «دێرشاو»دا بـــەدزییەوە هێنابوویانە بەرهـــەمو

ئاشتی‌یان خستبووه جێی دوژمنایه‌تی‌یه‌کان ـ ئه‌وه هه‌مو تێك بده‌ن ، فه‌رمانده‌یانی سوپای حه‌وته‌م که‌وتبوونه ته‌لاش‌و هه‌وڵدان بۆ ئه‌وه‌ی درێژه بده‌ن به دوژمنایێتی‌ی نێوان ئه‌م عێڵ‌و خێڵانه . جا ده‌ستوری ئه‌م به‌دکاری‌و خراپ کاری‌یه به‌ ته‌لگرافی‌شیفره ئه‌درایه فه‌ر مانده‌یانی به‌تالیونه‌کانی سه‌ر به‌ئالای هه‌شته‌م جا ئه‌م جۆره به‌ڕێوه‌به‌رایتیی‌یه‌ی تورك له خاکی کوردستانا هیچ جۆره ئاسایشێکی بۆ ماڵ‌و گیانی نه‌ته‌وه‌که نه‌ئه‌هێشت .

## باج‌و پیتاك دانی کورد :

نه‌ته‌وه‌ی کورد له چه‌ندین سه‌ده له‌مه‌وبه‌ره‌وه تائه‌مڕۆ ئه‌م جۆره خه‌رجانه‌ی به‌ده‌وڵه‌تی تورك ئه‌دا ! «باج ـ ده‌یه‌ك ـ ڕێیانه ـ زانستانه ـ مه‌ڕانه ـ ..تاد...» به‌ڵام به‌هۆی به‌دکرداریی باج‌وه‌رگرو پیتاك‌سێن‌و مووچه‌خۆری ناهه‌موارو ژاندارمی چه‌ته‌وه هه‌مو ساڵێ چه‌ند جارێ ئه‌م خه‌رج‌و باجانه دووباره له کورد ئه‌سێنرا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا که کورد نه‌ماڵ‌و نه‌گیانی له ئاسایشابوو نه‌سه‌ری سه‌لامه‌ت‌بوو . و نه‌دێهات‌و و نه‌ناوچه‌و نه‌ده‌ڤه‌ره‌کانیان قوتابخانه‌ی تیابوو و نه‌ڕێ بۆ هاتن‌و ـ چوون خۆش‌کراوه‌و نه‌ڕێگه‌ی عه‌ره‌بانه‌و گالیسکه بۆ هه‌ندێ له شاره‌کان ئه‌چێ‌و نه‌تائێسته بۆلابردنی کۆسپ‌و قۆرت قولنگێ له‌زه‌وی دراوه‌و نه‌بێڵ‌و خاکه‌نازی به‌کارهێنراوه‌و نه له سه‌ده‌ها کیلومه‌تری چوارینی زه‌ویی پژوێن‌و به‌پێزی ناو

هەڵەتەکان سوود وەرگیراوە .. بەڵام باجو پیتاك بەفیڕو لە نەتەوەی کورد وەرئەگیراو ئەچووە گیرفانو کیسەی تورکەکانەوەو کورد بەرامبەر بەهەمووی جگە لە ڕەنج سوودێکی تری دەس ناکەوێ ، ئەمانەهەمووی دەبێتە خەرجی بڵاوکردنەوەی زانستو خوێندەواریو ئاوەدانکاریی لە وڵاتە تورکەکانا .

## ڕەگەزەی بنەرەتی :

لە دەروونو ناو سنوری جمهوریەتی تورکیەدا تەنیا تورك بە ڕەگەزەی بنەڕەتی ئەدرایە قەڵەم ، بەڵام لەبەر زۆری ژمارەی کوردو فرەوانیی سنوری وڵاتەکەی نەئەکرا هەبوونی کورد حاشار بدرێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کات پایەیێکی کۆمەڵایێتی بۆ کورد قایل نەبوونو هەمیشە ناوی کورد لەگەڵ ناوی کێویو نەزان ، هاوتەقا ئەبراو هەر بۆ ئەوەی هەستی زۆرداریێتیو سوودمەندێتیی خۆیان پتەو بکەن ، هەرگیز ڕێیان نەئەدا بەڕۆشنبیرانی کوردو خوێندەوارانی کورد لە وڵاتی کوردستاندا خاوەن پایەو کاربەدەستی گەورەبن .

## کردنە تورکو ڕەهەنە کردن :

هەروەك ناوی کوردستان لە کتێبە مێژوییو جوغرافیاییەکاندا لابرابوو بە هەمان جۆر لە قوتابخانەکانیشا جگە لەباسی تورکو ڕەگەزەی تورك ، شتێکی تری بەقوتابیی فێر نەدەکراو لەلاپەڕەی پرسیاری ناو تۆمارەکانا خانەیێک بۆ

پڕکردنەوە زیادکرابو : «ئەفەندی! تا چ ڕادەیێ ئامادەیی هەیە خۆی بەڕەگەزەی تورك بزانێ !» • جا هەر کوردێکی ڕۆشنبیر خۆی لەڕەگەزەی تورك نەدایە قەڵەم هەم لە وڵاتەکەیا نەدەکرا بە مووچەخۆرو کارمەند و هەم لە مافی ژیا نیش بێبەش ئەکرا •

باواز لەباسی مرۆڤ بهێنین ، تورکەکان دەستدرێژیو خراپکاریان لە مەرزی ئازاردانی مرۆڤ تێپەڕ بووبوو چیاکانو سەرچاوەکانو کانیئاوەکانیش تووشی بەڵای خۆیان هاتبوون ، ناوی چیاکانو شێیوەکانو سەرچاوەکان هەموو لە کوردییەوە ئەگۆڕران بە تورکی• هەر ئەو حەلە کە ئەرمەنییەکانیان لە وڵات دوور ئەخستەوە ئەیانوت : لە « زۆ » بێژەکان ـ واتا لە ئەرمەنییەکان ـ ڕزگار بووین ،خوا گەورەیە بۆ ڕزگار بوون لە « لو » کانیش ـ واتا لە کوردەکان ـ ئەوان هەمیشە ئەم زوڕنایەیان لێئەدایەوەو زۆر بێپەردەو ئاشکرا باسی پێویست بوونی ڕەهەنەکردنو کۆچپێکردنی کوردو قەڵاچو کردنی ئەکراو ، بۆ ئەوەی ئەو تورکانە لە کوردستانا جێنشین بکرێن ـ کە لەگەڵ یونانەکانا ئاڵو گۆڕ ئەکران ـ داوایان لە والییەکانی ویلایەتەکانی کوردستان ئەکرد : «کەهەریەکە چەندماڵو خێزان ئەتوانن لە ویلایەتکەیانا جێنشین بکەن» بەو پێیە بەرنامەی خۆیان بخەنە بەرچاو •هەر بەم جۆرەش دەغڵو دانەوێڵەی کورد لەگوندو دێو ئاوایییەکانا داگیر ئەکراوپاوەنو لەوەرگەی ئاژاڵەکانیان لە چیاکانا لەدەس دەرئەهێنراو ئەدرایە ئەو تورکانەی لە « یونان » کۆچ درابوون بۆ ئەوەی زۆرێتیی تورك لە کوردستانا بهێننە

بەرهەم• جا بۆ سەرخستنی ئەم بەرنامەیانە لە سەرەتادا گــوردە خوێندەوارو ڕۆشنبیرەکان دوور ئەخرانەوە ، ئنجا ئەو دووای گەلە کوردە خاوەن ئابڕوو ناموسەکە وەکو دییل ئەخرانە ژێــر نیلەی کارو بەندەییەوە •

## هەڵبژاردن :

زۆر ڕوونە کە دەبێ بۆ بەڕێوەبەرایێتیی و چارەنووسی هەر نەتەوەیێ ئەنجومــەنێکی نیشتمانی لــەپیاو ماقووڵانی مــەردو جێباوەڕ هەڵبژێررێ ،ئەوە یاسایێکەو دوستورێکە لەلایەن هەمو گەلانی جیهانەوە پەسەند کراوە• پەڵام لەکوردستانا هەڵبژاردن بەپێی ئارەزوو خواستی گەل نییە،بەڵکو بەپێی خواستو ئارەزوو فەرمانی حکومەتی جمهورییە ، ئەو کەسەکان دەس نیشان ئەکا، هەرکەس نەیەوێ دەنگ بدات بەو نامزەوەی لەلایەن حکومەتی جمهــورییــەو دەس نیشــــان کــراوە ئــەوا لــەلایــەن دووەمین هەڵبژاردەکانەوە هەڕەشەو گوڕەشەی لێ ئەکرێو بەزۆر بەسەریا ئەسەپێنرێ • جا ئەمجۆرە ئەنجومەنە کە بە فــەرمانی دەسەڵاتی جمهوری هــەڵبژێرراوو ســـەرخراون ، بێ گومان ناتوانن داوای ماف بۆ گەل بکەنو چارەنووسی بپارێزن ، ئەوان تەنیا بــەر گری لە مافی ئەوانە دەکەن کە هێناویانو ئارەزووی ئەوان بەجێ دێنن کە بە ساختەکاریی هەڵیانبژاردوون •

جا نەتەوەی کورد نەیئەتوانی ماوایێکی دوورو درێژ خۆی لەژێر باری ستەمکەرانەو ڕامیاریی نابووتکەرانەی ئەو تورکە بێوەفاو بێ ئەمەکانەدا ڕاگرێ کە نەك هەر بەرامبەر هەبوونو ئاسایشی کورد بەدکاریو خراپکارییان ئەنواند ، بەڵکو تەنها بۆ پاراوکردنی هەستی گڵاوی خۆیان پەلاماری هەموو شتێکی لەلای کورد پیرۆز یان ئەداو دەسدرێژی یان بۆ ئەکرد. جا کوردەکە ئەم خراپکاری یەی بۆ قووت نەئەدرا ناچار هەوڵی ئەدا کەلە تەگەرەو قۆرتو کۆسپی سەرەڕێ ڕزگار بێو بەرەو سەرکەوت بروا . بەم نیازە بارەها داوای لەو حکومەتە تورکە کردووە ، ـ کە لە سایەیا ئەژیا ـ لەڕێی ڕاستەقینەی دادگەرانەو مرووەت لانەدا .

کوردەکە خۆ چ لە شەڕی گشتیو چ پاش ئەوە لە شەڕی تورک ـ یونان‌دا ئەیتوانی بە ڕاپەڕینێکی زۆر سووكو سادە ئازادیو سەربەستی خۆی بەدەس‌بهێنێ وەك بەڵێنی درابوویی، بەڵام چونکە تورك لەو حەلەدا بریندارو زەبوون بوون ، لەبەر ئەوە کورد نەیئەویست نامەردانە لەپشتەوە خەنجەری ژاراوی لێبدا ، بەپێچەوانە بەهەستێکی زۆر ناسكو هاونیشتمانییەوە یارمەتیی تورکی‌دا لەهەمو ڕوێیکەوە کۆمەکی کردو زۆر هیوای نەتەوەییانەی لەو حکومەتە تازەیە ئەکرد کە بەناوی جمهوریەتی تورکی هاتبووە بەرهەمو ئەم خۆی لەڕێیا بەخت کردبوو ، سەرەرای ئەوەش هەم بەسەرژمێرو هەم بە خاکی نیشتمان لە ئەو پترو لە نیوە زیاتری جمهوریەتەکەشی بەدی ئەهێنا .. بەڵام هیچ ! ؟ !

## چۆنێتی ڕاپەڕینو شورشەکە :

کۆمەڵەی سەرکەوتنی کوردستان ـ کە چارەنووسو ئەرکی گرانی ڕزگارکردنی نەتەوەی کوردی گرتبووە ئەستۆ بەوجۆرە هیوای خۆی لە جمهوریەتی تورك دەربڕی بەڵام وەرام نەبوو ،جاویستنی بە بزووتنەوەی «بیت الشباب» ئەو ئارەزوو خواستانەی خۆی بخاتەڕوو ـ کەلەڕێیا جوولابوونەوە بەڵام حکومەتی جمهوریی تورکیا بەسەرە تێزەو بۆمب وەرامی هیواکەی دایەوە !؟!

کوردەکان کەلەوە دڵگیر بووبوونو شڵەژابوون حکومەتی تورك ماوەیێکی دوورودرێژ هیچ بریارێکی دەرنەبڕیبو ، پاشان کەبڕیاری دابوو ئنجا خۆی لە جێ بەجێ کردنی بڕیارەکەی خۆی سەرپێچی ئەکردو دووائە کەوت ؛ ناچار لەڕێ هەبوونو بەدیهێنانی خواستی نەتەوەیی خۆیا ڕۆڵە دلێروئازاکانی ئامادەیی ـ یان بۆ بوونە پێناو نیشان ئەدا،وبۆ بوونە قوربانلەڕێیولاتاهەرگیز دڵەڕاوکێیان نەدەکرد .حکومەتە تورکەکەش وەنەبێ دەربارەی نیازی پاکی ئەوان بێئاگاو غافڵ بووبێ و لە گوێ گادا نووستبێ نە نەء ئەو زۆر گورج کەوتبووە خۆی بۆ ئەوەی هەر لە بێشکەدا بزووتنەوەکە خەفە بکات ، جا سەرانی کۆمەڵەی کوردو ڕۆشنبیرانی وڵاتی هەموو دەسگیر کردو تێکۆشەری مەزن

جەنابی شێخ سەعید ئەفەندی (پیران) کە ڕێبەریی ئەم ئەرکە مەزنە نەتەوەیی یەی لە ئەستۆدا بوو هەستی بەناسکی و نالەباریی دۆخی ولاتەکەی کردو بڕیاریدا ئاگری تۆپ و تفەنگی دژی کورد ـ کە لە هەرێمی «حەسەناناو» داهەلگڕابو ـ دامرکێنێتەوە، کەخود ڕاپەڕینەکە ناچاری یانە بەرلەکاتی دەست نیشان کراو دەستی پێ کردبوو .

جا ئەو ڕاپەڕینە پیرۆزە کە لە سەرچاوەی بەهەرەی خودایی یەوە سەری هەلدابوو هەرچەندە بەرنگاریی نگریسانەو جەنگ کارانەی لەشکری تۆیەمی هەرێمی ئەرضرۆم و لەشکری هەشتەمی ئەرزەنجان و سپای بەهێزی دەوروبەری دیاربەکر زۆر خوێنڕێژانەبوو ، بەلام دلێرانی شۆڕشگێڕی کورد توانی یان چیاکانی ( قوب ـ سپی کور ـ ئورفە ـ تا نزیکی سیوەرك ) هەمو داگیر بکەن. بەلام تورکەکان کارئامایانە و بێ ئەوەی شۆڕشگێڕانی کورد هەستی پێ بکەن توانی یان بەهۆی چاوەڕاوو پڕوپاغەندەو ترس بلاو کردنەوەوە ـ وەکو لە خوارەوە لەباسێکی تایبەتیدا ڕوونی ئەکەمەوە ـ عێل و خێلەکانی لای خۆرهەلات و باشوری کوردستان دووربخەنەوە لەوەی تێکەل بەشۆرشەکە ببن .

کوردەکان هەرگیز نەیانویستبو ئەوە بەخیالا بهێنن کە فەرەنسە ڕۆژێ لەڕۆژێ لەڕۆژان ( تەنانەت لە صەدەی بیستەما ) هاوکاریی تورکی تاوانەکار بکات بۆ کپ کردنەدەی هاواری

کوردی ستەمدیدەو لەسەرکوت‌کردنی‌دا هاوبەشی بکـــات ! !
ئـەویش کام فـەرەنســە ؟! ئـەو فـەرەنسـەیـەی خۆی پاش شۆرشی گەورە یاسای مافی مرۆڤایەتی‌و ئازادیـــی بیروباوەڕی بۆ هەمو خەڵکی جیهان هێنابووە بـەرهـەمو بـەدایکی ئازادی ناوی دەرکردبو •

حکومەتی ئەنقەرە بۆ ئـــەوەی بتوانـــێ بیروبـــاوەڕی سەرجەمی خەڵکی ئەوروپا دژی کورد بشڵەژێنی بێ‌هەناوانـەو نامەردانە هەوڵی ئەوەی دابو کە وەها بباتە مێشکی خـــەڵکی جیهانەوە ـ کە بزووتنەوە پیرۆزەکـەی کورد ـ کـە بەوپەڕی شەیدائیتی‌ی ئازادی‌و سەربەستی هاتبووە کایەوەو ڕۆڵە ئازاو جوامیرە کانی لەرێی رزگاریدا خـۆیان لەچەك ئالآنـــدبوو ـ بزووتنەوەیێکی کۆنە پەرستانەی ئایینی‌یەو بەم جـۆرە بتوانـێ بیروڕای بەشێکی خەڵکی ئەورپا لـە ڕاستی‌ی لابداتو دژی کورد وەریچەرخێنێ بـۆ ئەمەی دژی بـزووتنـەوەکەبوەستن ،
جا کە لەوە دڵنیابوو ئنجا ئـەو هێزانەی لای خـــۆرئاواو لای باکووری ڕێکی هەیمەکانی « قارص ـ طەرابزون ـ سیواس» و ئەورێ ئاسنەی کە بە هەرێمی فەرانسەدا رائەبورد هەمـــــوی لەماوەیێکی زۆر کەم‌وکورتا دژی کورد بخاتە کار کە هـە شتا هەزار ـ تا صەت هەزار کەس ئە بوون •

کوردەکان گەرچـــــی لەنــــاوەوەی وڵاتـــا خێـــــوی کۆمەڵەیێکی بناغە پتەوی بەهێز بوون بەڵام بەپێچەوانە خێـوی ستوونێکی جـەنگی‌و فەرماندەی کارامـەی وەکـو هی سپای

تورك نەبوون ، لە سەرەتاشەوە بییریان لەوە نەکردبوودوەکــە قۆڵەکانی شۆرشەکەیان پاڵ بدەنــە سنورە بێلایەنەکانــەوە ، لەبەرئــەوە هەرگیز نەیاندەتوانی بەرامبەر بە سپاییکی گەورەو بەهێزی پرچەکی تورك ، بەبەرەنیکی کــەمەوە درێــژە بەشەر بدەن • کوردەکان لەبنەڕەتەوە تفاقی تەواوی شەڕیان ئامــادە نەکردبو چ جای توانایی بەڕێخســتنو لــەشــکرکێشــیو بەڕێوەبەرایێتی !؟ ئەوان تەنیا بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە جێی سەختوستراتیژی وەربگرن بــەرامبەر بــە پەلاماری توندو تیژی بێ بەزەییانەی تورکەکان ناچاربوون پەنا ببەنە بەر شەڕی چەتەگەری( پارتیزانی ) •

بەلام بەو هۆیەوە کــە بزووتنەوەکــان بەرامبــەر بــە لەشکرەکانی تورك هەموی لەهێڵێکی نزیك بەیەکدا ڕووی ئەدا، بەشێ لە هێزە نەتەوەییەکانی کورد کەوتنە داوو بەدیل گییران تەنانەت خود جەنابی شێخ سەعید ئەفەندی ڕابەریشــ ــ کــە بەڕێ کەوت ـ هاتبووە هەرێمیی پشکنینەکەوە ئەویش لەلایــەن دوژمنەوە دەسگیر کرابوو ئەم هەواڵە زوو جاڕدرابو • بێ گومان ئەوانەی کە پسپوڕی جەنگن باش ئەزانن کە شەڕی چەتەگەری ـ کە لە ئەنجامی ئەم جۆرە شەڕانەدا دێتەدی ـ هــەر جۆربێ لەڕێکیو پێکیدا ناگانە شەڕی سپــایــی • ئەوانەی کــە بزووتنەوەی نەتەوەیــی بەڕێوە دەبەن تەنانەت کە لە هەمــوو لاییکەوە دەورەو گەمارۆ درابن ، بنکەکانیان وەکو بارەگــای سپا لە جێگەی دالدەو هێمنیو دوور لە گرمەی طۆپو نالــەی

ئەنجەوە دانامەزرێنن‌و خۆیـــان لەجێگــــەی پەنادا ناشارنەوە کــەوابێ بەدیبل گیرانی قارەمانی نەتــەوەیی کــورد حــەزرەتی شـێخ سەعیــد نابێ بــە سەرکەوتی تەواو بدرێتە قەڵەم بۆ سپای تورک •

## بایەخی سپایی ڕاپەڕینەکە :

ڕاپەڕینـــە نەتەوەیی‌یە درێ بەدوژمن دەرە بێ‌هاوتەقاکــەی کورد ، گەرچی کاردانەوەییکی خراپی لەمێشکی هەندێ مرۆڤدا هێنایە کایەوەو هۆیەکەی تائەمڕۆ ڕوون نەکراوەتەوە ، من بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو بییروڕا هەڵەیانەی کەدەربارەی ڕاپەڕینەکە بڵاوکراوەتە چەند وشەیێ دەرئەبڕم :

هەر لە سەرەتاوە هەرێمی ڕاپەڕینەکەی کــورد ـوەکــو لەمەوبەر دیباردیم بۆ ژمارەکان‌و جێ‌کانی کرد ـ بەسێ هێــزی سپایی زۆر گەورەی تورک گەمارۆ درابو •ئەم ســێ هێــزە گەورەیە کە برێتی بوون لە نۆ کەرت (فرقە) پیادە ، بیســـت‌و حەوتی (!؟) پیادەو نۆی تۆپخانە بوون ـواتا لە سی‌و شـــەش لەشـکرو ڕێکخراوی تری پێکـ هاتبوون ، هەروا لـــە گـــەڵ سوارەکانی «قارص ـ جزیـره ـ نوصـــەیبین ـو ئەو هێزانەش کە لە ئە یلولی ١٩٢٤دا بەناوی بزووتنەوەی موصلەوە نێررابوونە : هەرێمەکانی «سعرد ـ ماردین ـ مدیـات» ئەوانیش دەبێ بخرێنە سەر ئەوهێیزانە • چا ئەم سـپا بەهێزە کە هاوتەقای ئەو سـپایە بوو ـکە لە ماوەی پازدەڕۆژا سپای یۆنانی لە خۆرئاوای ئەنادۆڵ دەرپەڕاندو ڕاوی نا تاختی‌یە زریەوە ـ لەگەڵ ئەوەش کەئــەو

سپا گرنگە خاوەنی هەمو جۆرە تفاقێکی جەنگیبوو ،نەك هەرئەوە بەلکو سالی ١٩٢٠ سپای نەتەوەیی ئەرمەنیی تێکشکاند بوو ـ کە لە لایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە پرچەك کرابوو فرۆکەو زریپۆش و گەڕێن و کەرەسەی تری جەنگیی خرابووە ژێردەس ـ بەیەك رۆژ شەڕ لە صاری قامیش « دەری پەراندبوو و پاش مانگێ حەسانەوە جارێکیتری لەماوەی چوار ڕۆژا توانیبوی لە قەلای «قارص» دەریبێنێ و لێی داگیر بکات ، ـکە ئەو قەلایە بەتۆپ و تفاقی جەنگیی قورس قەلابەند کرابو ـ و پێنج شالاوو هەلمەت لە «ئەردەهانە»وە تا «ئەلەکساندەر ـ پول» (کومری)ڕاوی نابوون و ناچاری کردبوون چەك فڕێ بدەن و خۆ بەدەستەوە بدەن لە حالێکا ئەوهێزە تورکە جگە لە سێ کەرت پیادەو لەشکرێکی سوارە هیچیتری نەبو .

ئاوها کە وتم شۆرشگێرانی کورد بەرامبەر بە سپایێ جەنگی ـکە سێ چوار کەڕەت لەو هێزانە زۆرتربو کە سپای ئەرمەنی تێکشکاندو هەروا ئەوەندەی ئەو سپایە ش بوو کە هێزی یونانی خستە زریەوە توانی لە سایەی وورەی بەرزی ڕێکخراوە شورشگیرەکانییەوە ـکە لە جیهاندا بەدلێری و جەنگاوەری ناسرابوون لە ماوەیێکی زۆر کەما سپای سێیەمی تورك بتاوێنێتەوەو دوازدە ویلایەتیش لەژێر چنگی سپای پشکنەر دەربێنێو دەسەلاتی خۆی بەسەرا بسەپێنێ ـ پاش ئەوە ئنجا دەولەتی تورك سەرلەنوێ ناچار سپایێکی تری تازە .. هەناسەی هەشتا ـ صەت هەزار کەسی بەرێخست ، کوردەکە

لـەگـەڵ ئـەوەش‌دا کــە نــە فـرۆکـەی هـەبـوو بســــووڕێتـەوە بـــۆ زانینـی هـــەوڵی جوڵانـەوەو لـەشـــکرکێشـیی تـورك ونـــە ئـە ستوونێکی فەرماندەیی جەنگیی هەبو کە پیلانەکانی شەڕی بۆڕێک بخات بەو حاڵەشەوە سێ چوار مانگ خۆی ڕاگرت ئنجا کەمەکی بڵاوەی لێ‌کرد ٠ بەڵام ئەمڕۆ هەر ئەو کوردە دووبارەو سەرلەنوێ بـەرامبـەر بەهەمان سپای دڕندە لەشەڕ دایەو پاڵەوانانە ڕۆڵە دلێرەکـــانی لەشەڕی نەتەوەیی‌دا ئەوپەڕی ئازایەتی ئەنوێنن ، بێ ئەوەی بییر لەوە بکەنەوە کە چۆن پێ مروەتانە تاوی نەبەردو خەباتـەکەی ئەنێن هەرای ناوخۆیی وڵات هی ڕێکخراوە ساویلکەکان ،کـە ئەم‌جۆرە بێ‌رەوشتیو بێ هەناوی‌یانە مرۆڤایێتی ئەخاتـە ئـازارو ئەشکەنجەوە ؛ بۆچ بە گوناحێکی گەورە نادرێتە قەڵەم ٠

لەم صەدەی بیستەمەدا کە کەرەسەو تفاقی وێرانکارانەش ئەتـوانو بێ‌کارەیە بەرامبەر بـە شورەی ســــاختمانی قـەڵای دیاربەکرو تورك هێزی خۆی لە ناو شورەی ئەم قەڵا سەختەدا پەناداوە ، جەنگاوەری کورد بەخەنجەرەوە هەڵئەکوتێتە سەریانو هەروا بە بۆمبای دەستی‌یەوە پەلاماری ئەوانە ئەدەن کەلـەنـاو زرێ پۆشە پۆلایینە کاندا خۆیان شاردۆتەوە ؛ هاواری « بـژێ کوردایەتیو کوردستان »ئەدەن بەگوێ‌یانا ٠ئەم جۆرە هەڵمەتو شالاوە قارەمانانەی جەنگاوەرانی کورد کە ژیان لەلایان بێ‌بایەخە بەڵگەو گەواهی پڕتەوداره بۆئەوەی گیانی نەتەوەیی لای کورد تا چ ڕادوەیێ بەرزو پیرۆزە کە وێنەی بە خیالا نایێت ٠

## جۆری لەشکرکێشیو بەڕێوەبەرایێتیی شورشەکە :

هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە باسی کۆمەڵە ڕێکخراوەکانی کوردستان بکەین ،کە بە سەرۆکایەتی نەتەوەپەروەری شەهیدی مەزن سەرۆکی عێلی «جبران» خالید بەگی میرئالآی دامەزرابو، لەمبارەوە جارێ هیچ جۆرە زانیاریێ دەرناخەم •تەنیا باسی ئەوە دەکەم کە تورکەکان خۆیان لە پەرتۆکو جزوەکانیانا دەربارەی ڕاپەڕینەکەو لەبارەی بەڕێوەبەرایێتییەکەیەوە نووسیویانە : کە چۆن لەسەر بناغەیێکی خودانی(ملکی)و سپایی (عسکری)زۆر بەهێز ڕیکخراوە بەڕێوەبراوە •هەرکە ڕاپەڕینی نەتەوەیی کورد دەستی پیکراو تورکەکان حالیبوون لەوەی راددەی تەنینەوەو پەرەسەندنی ئەو ڕاپەڕینە چ بەرزە ، زوو کەوتنە خۆیانو هەموو هەوڵو تەقەلای خۆیان خستەڕوو کە نە هێلن صەدای ڕاپەڕینەکە بگاتە سنوری هەرێمەکانی ولاتانی هاوسێ ،جا بەدابینکردنی ئەم هەولە ڕێیان بەربەست کرد لەوەی هەوالی شەڕەکەو سەرکەوتنی بچێتە دەرەوەی ولات و یابەناو ولاتا بلاوبێتەوە • بەمجۆرە صەدای هەراوکێشەکەیان هەر لە جێێ خۆیا پەنگانەوە هەربەم نیازەش بوو کە سنورەکانی لای خۆرهەلاتو باشوری ولاتیان بەتەواوی تەنیو چەپەر

بەستیانکرد .جگە لەوە ، ڕێگەی ئەوەشیان بەست کە خەڵکی ناووڵات لەگوندێکەوە بچن بۆ گوندێکی تری بە بێ پسووڵەی ماوای چوون و هەروا ئەوەش هەرکەس دەربارەی شۆرشەکە ورتەی لەزارەوە دەربچێ ئەوە گەورەترین سزا ئەدرێو زبانی ئەبڕرێ .

بەداخەوە شۆرشەکە لەبەرهەندێ هۆی ناچاری زۆر لەوکاتە پێشتر دەسی پێکردبوو کە کۆمەڵەی گشتی کاتی بۆ دانابوو بڕیاری لەسەردابو .بەمهۆیەوە یەك کاتیی و یەكدەنگی ڕاپەڕینەکە دابین نە کراو نە هاتەدی.بەڵام سەرەڕای ئەوەش شۆرشگێڕان هێزەکانی تورکیایان لەسەرەتادا نابووتکردو دوازدە ویلایەتیان یەك لەدوای یەك لەدەس رزگار کردن ، بەڵام تورکەکان بەچاوەڕاو باسی سەرکەوتنی خۆیانیانو باسیدەسگیر کردنی سەرانی شورشو خنکاندنیانی بە بەیاننامەو پەڕتۆکی درۆ بڵاودەکردەوە ، بەمجۆرە هەر لە سەرەتاوە صەدای سەرنەکەوتنی شۆرشەکە خەڵکی تووشی دڵەڕاوکی کردبوو ، ئەو عێڵو خێڵانەی کە هێشتا ڕانەپەڕیبوون کەوتبوونە بیری ئەوەی کە تێکەڵ بوونی ڕاپەڕینەکە بێسودو بێئەنجامە ، بەمجۆرە ئەوەش کە ئەوان بگەنە دەنگی خەباتکارانو شۆرشگێڕانا ، ئەوەش نەهاتە دی و دابیننەکرا . هەروا چونکە هەرێسیکوردستان هیچ جۆرە باڵیۆزخانەیێکی بێگانەی تیانەبو کە هەواڵی شۆرشەکە بگەیێنێتە دەرەوەی تورکیا ، پەیوەندیی شۆرشەکە لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوو شارستانیشا بڕابو، لەبەر ئەوە لە توانای کوردا نەمابو پەیامی سەرکەوتنو پێشکەوتنی

خۆیان بگەیێتە دەرەوەی وڵات ٠جا باس و هەواڵی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تەنیا لەڕێی خود پەیامنێرو رۆژنامەکانی تورکەوە ئەگەییشتە گوێی خەڵکی جیهان و هەروەك وتراوە « دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکا» ئەوان ئەیانزانی چ جۆرە درۆو دەڵەسەیێ بهوننەوەو بنێرنە دەرەوە ٠بێ گومان ئەوانەی کە لەگەڵ رامیاریدا ئاشنان ئەوە دەزانن کە تورکەکان چ جۆرە قاوو هەواڵی بڵاودەکەنەوە ٠جا ئێمەش ناچارین کە هەر هەندێ هەواڵی بەراستچو لەخود بەیاننامەو پەرتوکەکانی ئەوان هەڵبچنێنن .

جا ئەگەر لاپەڕەکانی دادگای سەربەخۆیی دیاربەکرو چاپەمەنییەکانی ئەستەمبوڵ وورد وورد سەرنج بدرێن ، ئەبینرێ کوردەکان مووچەخورانی خودانییان هەرلەجێی خۆیانا هێشتۆتەوەو پایە گرنگەکانی قایەمەقامێتیو والێتییانیش سپاردووە بە ڕۆشنبیرانی کورد ، هەروا دەربارەی ئەو دیبلانەی کە لە دەوڵەتی تورك گرتوویانن چەندە پیاوانەو مرۆڤانە ڕەفتاریان لەگەڵیان کردووەو جۆلاونەوەو لەکاروباری شارستانیدا بەکاریان هێناون و لەهەندێ هەرێم و ناوچەدا دیبلخانەیان دامەزراندووەو مووچەیان بۆ ئەفسەرو مووچەخۆرەکان بڕیوەتەوەو بۆ کاروبار بەرێوەبردنیش تاکانی(ئەفراد)کوردو ئەفسەرانیان بە مووچەی باش خستۆتە سەرکار ، هەروا ئەو کوردە زیرەك و خورت و نەتەوەپەروەرانەشیان ـ کە خۆیان گەیاندۆتە ناو شۆرش ـ پایەی ئەفسەرێتی(ملازمی ـ سەرەوانی) یان داونێ و کردوویانن

بەسەردەستەو سەرلق و سەرپەل و لە هەندێ لە بارەگاکانا بـــە فەرماندەیی دانراوون • ئەمانەی وتم چاوەڕاوو پڕوپاغەنـدەی خود کوردەکان نیە ، ئەگـــەر چاوبگێڕیـــن بەو هـــەواڵ و زانیاری یانەدا کە خود تورك بڵاویان کردۆتەوە ، بەسەرنجێکی سادە بۆمان دەرئەکەوێ کە ڕێکخراوەکانی شۆرشی نەتەوەیی کورد زۆر لە شۆرشی «ئەرناووت» و ڕاپـــەڕینی «یەمـــەن» و هەرای «حوران» ڕێك و پێکتر بوون و ئەوەش ئا شکرایە کـە جوڵانەوەکەیان پڕ لە هەســـتی نەتەوەیی یە • لەمەوە بۆمـــان دەرئەکەوێ پێچەوانەی پڕوپاغەندەی درۆو دەلەسەی دوژمنان کە خود تورك بڵاویان دەکردەوەو خەلکیان بۆهەڵبەستنی هان ئەدا ، ئەوان هەولیان بۆ دامەزراندنـی دەولەتێـکی نەتەوەیـی کورد بووەو هەر بۆ ئەوە شۆرشیان کردووەو لەگەڵ ســپای تورك کەوتوونـــە شەڕەوەو ڕێکخراوەکانـــــی خـــۆیـان بـەڕێکی و پێکی بەڕێـوە بردووەو درێژەیـان بە هەراکە داوەو ئەو سەرکەوتانەیان بەدەس هێناوە کە سەرجەمی مرۆڤایەتیـــان تێ گەیاندووە لەوەی :

**« لەخۆر هەلاتدا ئاشتیو ئاسایش دانامەزرێ تا کورد نەگاتە خواستو ئارەزووی نەتەوەیی خۆی .. »**

ئەندامانی جیهانی کوردەواریی کە لە بچووکترین ئاژاوە ئەسلەمێنەوەو ناراحەت ئەبن ، بێ گومان بەو پەڕی هەوەسو ئارەزووە پەیچۆیی قوولترین ڕووداوی نەتەوەیی دەکەن . ئەو دەستە بەڕێزەی کە کۆمەڵەی گەلان هەڵی بژاردورن بۆ نوێنەریی هەموو نەتەوەکانی جیهان - ئەوەی جاڕداوە : «کە کورد وەکو نەتەوەیێ جەخت لەسەر هەبوونی خۆی دەکاتو لە سەرئەوەش کە نەتەوەیێکی جودایە و پێویستە ددان بنرێ بەوەدا کە خێوی مافی زمانو نووسینو بەڕیوەبردنی دەوڵەتو خوێندنو زانستو زانیاریو هەمو جۆرە مافێکی تری نەتەوەیی یە »

ئەوەی ڕاستیبێ تورکەکان سەیرترین مێشکیان هەیە کەددان نانەن بەمافی ئەم نەتەوە خانەدانە ئازایە قارەمانەی برای دا کە بە فێرۆ پاسەوانیو ئاگاداری ولاتەکەی گرتۆتە ئەستۆو لەخۆر هەلاتو خۆرئاواو باکورو باشووردا پتر لەخودی تورکەکان خزمەتی ولاتەکە دەکات ! سەیرە کەددان نانەن بەمافی ئەم برایەیانا !! بۆچ؟!بەڕاستی زۆر سەیرە ئەو تورکەی صەدەها ساڵ لەمەوبەر بە چنگ‌زەردی کوردستانی خستۆتە

ژێر داوی دیلیی خۆیەوە بێ گوێدان بەبەزەیی و دڵسووتان بەمافی مرۆڤایەتی ئەنەڕێنێ : « ئێمە ! ئەو کوردانەی باکووڕ ـ کەوا داوای مافی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی دەکەن ـ هەمویان نەکوژین ، هەمویان سەرئەبڕین ، ویلایەتی موصلیش هەر ـ وەردەگرینەوەو لەوێش ئەوان هەر بەو دەردە ئەبەین !؟» بەڵێ! تورك ئاوەها ئەیەوێ ئەم نەتەوە هێژاو ئازایەی کورد ـ کە پتر لە صەدەها هەزار ( ملیۆنەها ) کەسن و دادگای بەرزی کۆمەڵەی گەلانی جیهان کێشەکەیانی خستۆتە بەردەمی خۆی ـ لەژێر چنگی دادگا بڕ فێنێ و بەرەو کوشتارگا بە کێشیان بکات ؟!» .

باباسی شۆرش و هەراکانی کورد کەپێش شەڕی جیهانی یی یەکەم ڕووی دابوو لێرەدا بمێنێ . پاش ئاکربەسی شەڕی جیهانی یی یەکەم ، ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوە ـ کە لە ئەستەمبول بەسەرۆکایەتی و ڕابەریی شەهیدی هێژای نیشتمانی غەوثی ثانی دلێری مەژن جەنابی شێخ عەبدالقادر ئەفەندی بەناوی «کۆمەڵەی سەرکەوتی کوردستان» ( کوردستان تعالی جمعیتی ) دامەزراو نوێنەرەکانی لە « ڤەرسای » بۆ خواستی مافی کوردو ددان نان بەو مافەدا لە کۆشش و هەوڵدا بوون و شایەستەیی خۆیانیان نیشاندا ـ هەرگیز خەبات و هەوڵی شایەستەی لەرادەدە بەدەریان لەبیر ناکرێ ، گەرچی لەلایەن حکومەتی تورکەوە دەرگای ئەم کۆمەڵەیە بەستراوو کۆمەڵەکە پووچ کرایەوەو ناچارانە نەتەوەی کورد ئەم ستەمە ژاراوی یەی چەشت ،بەڵام ئەو تۆمەی چێنرابو لە سنگی نەتەوەی کورددا پەنگی خواردەوەو چیپرەی

کێشاو جارێکی‌تری بە سەرۆکایەتی نیشتمان پەروەری مەزن جەنابی خالید بەگی جبرانی‌ی هێژا ؛ بیرو باوەڕەکان لە هەناوی شەیدایانی نەتەوەی کوردەوە هەڵی‌دایەوەو هاتەوە کایەوەو لە ڕۆژگارێکی زۆر کەمدا شۆرش‌و ڕاپەڕینێکی گەورەی هێنایەدی‌و نیشانی‌دا کە خەباتی پڕ تەوژم‌و تواناى کۆمەڵەی پیرۆزی نەتەوەیی کوردستان هەر بەردەوامەو درێژە بە نەبەردو خەبات ئەدا . جابۆ گەواهی‌و بەڵگە هەزارەها ئاغاو گەنج‌و ڕۆشنبیر لە ڕێی بەرزێتی نەتەوەکەو تێروتەسەڵی‌یا ؛ سامان‌و خێزان‌و زیدی خۆیان بەجێ‌هێشت‌و گیانیان خستە سەر لەپو بەوپەڕی بیرو باوەڕەوەو بە ورەیێکی پتەوو قایمەوە کەوتنە دووای ئامانجی پیرۆزیان‌و لە هەڵپەو خەباتا هاوبەشی‌یان کرد ،هەر لەبەر ئەوەی زبانی باشوری کوردستان بەزبانی دیوانی (رسمی) ناسرابو بۆ ئەوەی زبانە کوردی‌یەکەو ئەدەبیاتی بەرەو پێشکەوت‌و بەرزی بڕوات، خەڵکەکە لە ئاغاوە تا گەدا لە منداڵەوە تا پیر لەدایکەوە تاکچ هەمو کەوتبوونە باسی حکومەت‌و دەسەڵات تا شوانەکانیش ناوی شەهیدانی نیشتمان‌و دلێرانی نەتەوەکەیان بە گورانی‌و بەستە هەڵ ئەنا . بەڵام ئەو تورکانەی کە پەلپ‌و چنگ‌زەردی پەردەی بەسەر چاویانا کێشابو هێشتا ئەوپەردەیە هەرماوە .

لەگەڵ ئەوەشدا کە قەوماوەو ڕووداوەکان ئەگەر وەکو شۆڕشی «ئەرناووت»و ڕاپەرینی «عەرەب»بخرایە بەرچاوو ئازارو رەنج‌و ناخۆشی‌یەکان تەواوەتی نیشان بدرایە ئنجا

دەرئەکەوت کە ئەوان تا چ رادەیێ ئامادەیی‌یان نەبووە بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموون‌و تاقیکاریی، هەروا سەرەڕای دەربڕینی ناتەواوی‌خۆیان بەو ڕاشکاوی‌یە هێشتا نەیاتتوانیوە دەردی کۆمەلایێتی تیماروچارەسەر بکەن ، هەروا ئەبنیرێ تورکە جلەوو ڕەشمەی کاربەدەسەکانی ئەمڕۆش ئەوە نازانن کەخۆیان لای گەل خۆشەویست بکەن‌و بەرامبەر بە شۆرشی بەهێزو فرە تەنیوەی کورد بڕیارێ بدەن کە ئەمڕۆش نەبێ‌و سبەینێ‌ش نەبێ ڕۆژێکی‌تری‌هەردێ کە ناچارانە بەرامبەر بەداخوازی‌یەکانی کورد مل‌شۆڕ بکەن‌و ددان بەو مافانەدا بنەن کە ڕەواو دادگەرانەن • جا ئەو ڕۆژە ئەکەوێتە یادیان چۆن بەرزی‌و ئابڕووی رابوردوویان بووەتە پێناوی تاوانکاریی‌و گوناحکاریی ئەو تورکانەی ڕامیاری‌و ئابوریی ولاتیان پامال‌کردووەو لەگەل خۆیانا فەرمانڕەوایی‌و دەسەلاتی تورکیش‌بەرەو سیا چالی نابووتی دەبەن •

٩٥٦ر٦٧
ب ٩٢٨ بيتليســـى ، ئيحسان نوري
شۆرشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا هۆی بایەخی سوپایی
چۆنیەتی لە شکرکێشیو پەرێوە بردنی / نووسینی ئیحسان
نوری بیتلیسی پاشا ؛ وەرگیرانی محەمەد جەمیل رۆژبەیانی .ـ بەغدا:
دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی ، ١٩٩٣ .
لە ؛ ٢٤ سم .ـ ( زنجیرەی ژمارە ٢٩٢ ) .
١ ـ کوردستانی تورکیا ـ مێژوو ٢ ـ کوردستانی تورکیا ـ
باری رامیاری أ ـ رۆژبەیانی ، محەممەد جەمیل ( وەرگێر )
١٩٩٣/٢٥٠ ب ـ ناونیشـــان

کتیبخانەی نیشتمانی ( پێرەست کاری لە بلاوکردنەوەدا )

رقـم الايـداع في دار الكتب والوثائـق
بغـداد ٢٥٠ لسـنة ١٩٩٣

دار الحرية للطباعة ــ بغداد
١٤١٤ هـ ــ ١٩٩٣ م

جمهورية العراق
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
التسلسل (٢٩٢)

# انتفاضة الشعب الكردي في تركيا

## اسبابها واهميتها

تأليف
احسان نوري پاشا

ترجمة
محمد جميل الروژبياني

دار الحرية للطباعة
بغداد

تصميم الغلاف: جنان عبد عون
بغداد ١٩٩٣